# پەیامی خەڵک

* خوێندنگەی قەرەتۆغانی سەرەتایی کە دەکەوێتە پشت شوقەکانی قالاوە سەرباری ئەوەی لەخانووی کرێدا دەخوێنن دەبێت خوێندکارانی خۆیان کرێی خانووەکە بدەن.

**ئالان سەعید**

* بەهۆی بەرتەسکی شەقامەکان و کەمی خزمەتگوزاری و هەروەها یەک سایدی شەقامەکانەوە رۆژانە چەندین کەس دەبنە قوربانی زەرەرو زیانی زۆریش لە هاوڵاتیان دەکەوێت.

**م. شیلان**

سەرپەرشتیاری خاوەن موەلیدە حکومییەکەی راپەڕین رازی نابێت هاوڵاتیان خۆیان وایەرو جۆزە بکڕن، لەهەمانکاتدا خۆیان بە هاوڵاتیانی دەفرۆشنەوە بە نرخێکی دووقات.

**م .م. ئە**

*لە هەندێ خوێندنگاکاندا خوێندکاران جێگەی کارگوزار دەگرنەوە بەهۆی کەمی یاخود گەورەبوونی و کەمتوانایی کارگوزارەکان خوێندکاران رۆڵی ئەوان دەگێڕن.

**راز**

# بەڵێنی بەرپرسان و قەیرانی سوتەمەنی بەرەو کوێ؟!

**ئا: شاناز محەمەد**

لە وڵاتێکی پڕ لەزێری رەشدا، لەسەر خاکی پڕ نەوت و کشتوکاڵدا هاوڵاتیانی هەژار مایە پوچیان بۆ دەمێنێتەوە وڵاتمان دەبێ چاوەڕێی کاسەی ماڵە دراوسێیەکانی بێت، تا سوتەمەنی بە هەزار فێل و منەت پێ بفرۆشێت. دیاردەی کەمی بەنزین وەک هەموو دیاردەکانی، بێ ئاو و کارەباو سوتەمەنی و بەرزی نرخ و گرانی و چەندین دیاردەی شاراوەی تر کوردستانی گرتۆتەوە.

لەوڵاتی نەوت و بەنزیندا، دەبێ لە کۆڵان و جادەکاندا بە دەبەو لیتر مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بکرێ. لەشارێکی گەورەی وەک سلێمانیدا، کە قەرەباڵغەو رێژەیەکی زۆری ئۆتۆمبیلی تێدایە، حکومەتی هەرێم هیچ هەوڵێک نادات بۆ نەمانی کێشەی بێ بەنزینی، یاخود کڕینی بەنزین لە وڵاتی دراوسێ وە یان بەشە دیاری کراوەکەی حکومەت بەتەواوەتی بداتە بەنزینخانەکان تا هاوڵاتیان لەو کێشەیە دەربکات.

سوتەمەنی بهێنین، هەروەها بەنزینی ئێرەش دەکڕین و دەفرۆشین، ئەو شۆفێرانەی کە بەنزین لە بەنزینخانەکان وەردەگرن و لەخۆیان زیادە، دەیفرۆشنەوە بەئێمە. یان چەند شۆفێرێک کردویانە بەپیشە بۆمان دێنن بەنرخێکی کەمتر لێیان دەکڕینەوە نرخی بەنزین بەپێی رۆژە، هەروەها بەرزو نزمی نرخی بەنزینخانەکانیش دەور دەبینن بارو دۆخیش نرخ دەگۆڕێت

تائێستە لێمان نەپرسراوەتەوە بۆچی دەیفرۆشن، دەبێ حکومەت مەمنونیشمان بێت زۆرترین کێشەی هاوڵاتیانمان لێ دوور خستونەتەوە

لاوک خالید/ بەنزین فرۆش

بەنزین لەئێرانەوە بۆمان دێت زۆرجاریش لە کەرکوکەوە، جگە لەبەنزین نەوتیش دێنین هەندێ کاتیش بەنزینخانەکانی ئێرەش پێمان دەفرۆشنەوە، یان شۆفیرەکان کە لەخۆیان زیاد بوو بەئێمە دەکڕێ؟ ئەو بەنزینانەی لەسەر جادە دەفرۆشرێن کێ لێیان بەرپرسە یاخود چۆن رێگە دەدرێت پێیان بەنزین بفرۆشن. هۆی قەیرانی سوتەمەنی چییە لە کوردستان؟

بەپێچەوانەوە بریکی زۆر کەم سوتەمەنی دێتە کوردستان حەزدەکەم ئەوە بزانن لەسلێمانیدا رۆژانە پێویستیمان بە ملیۆنێک یان ملیۆنو نیوێک لیتر بەنزین هەیەو گازیش بەهەمان شێوە بە بەردەوامی ئەو برە بێتە کوردستانەوە ئینجا دەتوانین خەڵکەکەی لەقەیرانی سوتەمەنی رزگار بکەین. ئێمە کەمیەتیەکی زۆر لەبەنزینمان بۆ دێت، رۆژانە ٣٥٠ – ٥٠٠ هەزار لیتر بەنزین دێتە سلێمانی جاری واش هەیە هەر ٣٥٠ هەزار لیتر دێت ئەمەش قەیرانێکی گەورەی دروست کردووە. خەڵکی کاتێ تەنکەرەکانی سوتەمەنی دەبینن وا هەست دەکەن هەموو سوتەمەنیەو دێتە سلێمانیەوە و

قەیرانی سوتەمەنی بەرەو کوێ....؟!

بەهەر شەقامێک لە شەقامەکانی شاردا بڕۆین، دیاردەی بەنزین فرۆشتن لەسەر جادەکان بەئاشکرا دەبینین و زۆرباوە. ئاخۆ ئەم بەنزین فرۆشانە چۆن ئەم بەنزینانە دەگاتە دەستیان؟ چۆن دەیهێنن؟ کێ نرخیان بۆ دادەنێت ؟ ئایا لێ پرسینەوەیان نیە؟

بۆ ئەو مەبەستەش پرسیارمان لەچەند بەنزین فرۆشێک کرد ئەوانیش بۆمان دوان.

راژیر ئەحمەد کەریم/ بەنزین فرۆش: ئێمە چەند شەریکێکین، بەنزینمان لە ئێرانەوە و لە زاخۆوە دێت. هەروەها زۆرجار نەوتیش دێنن، بەئاشکرا دەیفرۆشین بێ هیچ باجێک، لەبەر ئەوەی حکومەت خۆی رێگای پێداوین آعلانی کردووە.

دەفرۆشنەوە ئێمەش کاری پێدەکەین. ئەو نرخەی بۆمان دادەنێن تەنیا بەشی هاتوو چۆ ماندو بوونمان دەکات، یاخود نرخی بەنزینخانەکانی ئێرەو بارودۆخیش دەور دەبینێ حکومەت ناتوانێ رێگامان لێ بگرێت هەرکاتێ خۆی بەنزینی دابین کرد، ئێمەش واز لەکارە دەهێنین.

هەر بەمەبەستی کەمی سوتەمەنی بەتایبەتی بەنزین پرسیارمان ئاراستەی بەرێز ( ئەحمەد عارف ) بەرێوبەری راگەیاندنی پرۆژە تایبەتیەکانی سوتەمەنی کرد. بەرێزی وەڵامی داینەوە.

هۆی چییە بریکی زۆر سوتەمەنی دێتە کوردستانەوە، کەچی بریکی زۆر کەمی لێ دابەش دەشاردرێتەوە، بەداخەوە وانیە هەروەها ئێمە دابەش کردنی سوتەمەنی بەپێی وێسگەکان دابەش دەکەین، وێسگەمان هەیە ٢ عەدادە بۆ دابەش کردنی بەنزین بەسەر سەیارەکان ئەمەش قەرەباڵغی لە بەنزینخانەکان دروست دەکات. بەڵام وێسگامان هەیە ١٢ عەدادە ئەوەش کار ئاسانی بۆ سەیارەکان و خەڵکی دەکەن. ئێمە لەگەڵ بەنزین فرۆشەکاندا دەتوانین لەڕووی نەوعیەتیەکانی بەنزینەوە منافەسە بکەین نەک لەڕووی نرخەوە ئەوان ئازادن کەسوتەمەنی بهێنن کەمێک لەقەیرانی سوتەمەنی کەم دەکەنەوە ئێمەش رۆژانە نەوت بەنزین و گازمان بۆ دێت، لە تورکیاو حکومەتی مەرکەزییەوە بەڵام زۆر بەکەمی. ئەو سوتەمەنیانەی کەلە تورکیاوە بۆمان دێت زۆر لەوەی حکومەتی مەرکەزییەوە باشترە.

هۆی قەیرانی سوتەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سوتەمەنیەکان، چ عێراق یان تورکیا بێت. بەپێی مەزاج و سیاسەتی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ناردنی سوتەمەنی دەکەن، زۆرکات بۆ ناردنی سوتەمەنی لایەنێکی سیاسی وەردەگرن بەرامبەر کوردستان، کە ئەمەش ئاکامی سلبی دەبێ و قەیرانی سوتەمەنی دروست دەکات لە کوردستان.

گەرچی عێراق یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەنەوت، بەڵام کەسەیری ناوەرۆکی دەکەین بەوڵاتێکی هەژار دەژمێردرێت، دکتاتۆریەتو دزینی سەروەت و سامانی عێراقیەکان بۆتە پیشەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی عێراق دیاردەی دزی و بەتاڵان بردنی داهاتەکەی، بۆتە کێ بریکێ ئەو تاقم و کۆمەڵە لێرەدا هاوڵاتیان مایەپوچ دەمێننەوە بەدەست گرانی و بێ سوتەمەنی کەمی مووچە دەناڵێنن جگە لەدانەوەی قەرزەکانی شەڕو تیرۆرستان، بۆتە کۆسپی گەورە لەبەردەم گەشەکردنی ئاسایش و ئابووری عێراقدا. بەڵام لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم هیچ کێشەیەکی شەڕو تیرۆری نیە، بودجەی تەواوی خۆی هەیە هەروەها سوتەمەنیش کەچی هەمووی لەنێوان دەسەڵاتداران دابەش دەکرێت بریکی کەم دەدرێتە بەنزینخانەکان و هاوڵاتیان لێی بێ بەش دەبن .

ئایا حکومەت و بەرپرسان تاکەی بیر ناکەنەوە تاکەی دەست دەخەنە بینە قاقای میللەت و لە هەموو پێداویستیەکانی ژیان خەڵکانی هەژار بێ بەش دەکەن تاکەی بەر بەستێک بۆ ئەم بێ سوتەمەنی و ئاو و کارەباو گرانیە دانانێن. تاکەی منداڵانی هەژار لەسوچی ژوورە ساردەکاندا، بۆ خوێندنی بەدیار فانۆس و چراوە خەو بیان باتەوە.

**ئەحمەد عارف بەرێوبەری راگەیاندنی پرۆژە تایبەتیەکانی**

# لە یادی رۆژی جیهانی کەمئەندامانداە

# چی بۆ کەمئەندامان کراوە؟

**ئا: کەلسوم**

٣-١٢-٢٠٠٦ رۆژی کەمئەندامان، لەم رۆژەدا کەمئەندامان لەشوێنی تایبەتی خۆیان کۆدەبنەوە. بە پێی توانا ئاهەنگ دەگێڕن، زۆرجاریش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان. دەچنە سەر جادەکان و داواکارییەکانیان بەرز دەکەنەوە بەو هیوایەی بەرپرسانی دەوڵەت بێن بەدەم داواکارییەکانیانەوە، تا کەمێک لە ئازارەکانیان کەم بکەنەوە.

کەمئەندامان توێژێکی گرنگی ئەم کۆمەڵگەیەن، بەهۆی کارەساتە یەک لە دوای یەکەکانی سروشتی و مرۆیی بەشێکی گرنگی لەشیان لەدەست داوەو بێ دەسەڵات ماونەتەوە، لە توانایاندانییە هەموو پێداویستییەکانی رۆژانەیان دابین بکەن تا ژیانێکی ئاسوودەو باش بەسەربەرن. ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە دەرفەتیان بۆ برەخسێنێت تا بتوانن زاڵ بن بەسەر کۆسپەکاندا و وەکو دابینکردنی کار بۆ ئەوانەی کە دەتوانن کار بکەن، دابینکردنی بنکەیەکی تەندروستی کە تایبەت بێت بە کەمئەندامان. دابینکردنی بەشێکی تایبەت بۆ راهێنانی کەمئەندامان تاوەکو بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵ و بروایان بە خۆیان پتەو بێ. بوونی ئەم بەشە زۆر گرنگە بۆ کەمئەندامە بەڕێزەکانمان. لەخەستەخانە ئەجنەبییەکە کەمئەندامان زۆر سوودیان لێ وەردەگرت، بەڵام جێگەی داخە کە ئەم بەشە داخراوە، دەڵێن گوازراوەتەوە بۆ هەولێر، بەم حاڵەتە کەمئەندامەکانمان خزمەتێکی گرنگیان لەدەست چووە. پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ریگەنەدات خزمەتگوزاری وا گرنگ لە کەمئەندامان دوور بخرێتەوە.

خزمەتکردن بە کەمئەندامان ئەوەیە کە پێداویستییەکان بخەینە بەردەستییان، نەک لێیان دووربخەینەوە.

زۆر پێویستە لە هەموو شارەکان ئەو خزمەتانە دابین بکرێن کە زۆر گرنگن بۆ کەمئەندامان. باشترواية مووچەیەکی گونجاو بەم رۆژگارە دابین بکرێت بیان نەک (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە بەشی هیچ ناکات کەمئەندامی وا هەیە لە شوێنی دوورەوە دێت بە دوو جارو سێ جار سەردان ئینجا دەی دەنێ. ئەویش دوای وەستانێکی زۆرو پاڵنان و زۆرجار بە کۆمەڵ دەکەون و بەکۆمەڵ تف لەم حاڵە دەکەن کە ئەو برە پارەیەی تیا وەردەگرن. چی دەبێ ئەگەر لە بانقەکاندا مووچەیان بدرێتێ و بە پێی خواستی خۆیان بچن وەری بگرن. هەر چەند کاری باشتر ئەوەیە بۆیان بچێتە ماڵەوە، لە زۆر شتدا خۆمان لەگەڵ مۆدێرن و ژیانی وڵاتاندا بەراورد دەکەین بە لەم کارە پیرۆزەشدا دەست پێشخەربین.

هیوادارم ساڵیادی رۆژی کەمئەندامان هاتنەدی هەموو پێداویستییەکانیان بێ و هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین بکرێت لە لایەن دەوڵەت و حکومەتی هەرێمەوە. داواکارم لە ساڵی داهاتوودا بریاری جێبەجێ کراو بکرێتە خەڵات بۆ سەرجەم کەمئەندامان تا بە ئاسوودەیی لەناو کۆمەڵدا ژیان بەسەربەرن. لە کۆتایی دا دەڵێین سەرکەوتن بۆ هەموو ئەوانەی کە کار بۆ کەمئەندامە بەڕێزەکان دەکەن.

# دەبێ دەست بەجێ بڕیاری وەزارەتی پەروەردە سەبارەت لێدانی قوتابیان لە لایەن مامۆستاکانەوە هەڵبوشێنرێتەوە

بە گوێرەی هەواڵەکان، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە ٢٨٧٥٨ی بەرواری ١٥-١١-٢٠٠٦ بەشێوەیەکی ڕەسمی قوتابخانەکانی ئاگاردارکردۆتەوە کە هەر قوتابیەک سەربێچی لە رێنمایەکانی پەروەدە و خوێندن بکات بە توندترین شێواز سزا دەدرێت و مامۆستاکان مافی لێدانی قوتابیانیان هەیە. ئەم بڕیارە بە گوێرەی ئالیەتێکی تازەی وەزاۆەتی پەروەردە دەرچووە .

ئەم بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە هەنگاوێکی گەورەیە بەرو دواوە و بواری پەروەدە لە کوردستان دەگەڕێنتەوە ڕۆژانی تاریکیی و دەبێتە مۆرێکی ڕەش لە نێوچاوانی دەسەڵاتی کوردستان لە هەموو دونیادا بە تایبەت لە ئەورپا و لە لایەن رێکخراوەکانی جیهانی پاراستنی ماڤەکانی منداڵان. هەروەها ئەو بڕیارە دژی یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە سەبارەت مافەکانی منداڵان. ئێمە دەستەیەک لە مامۆستایانی کورد لە دەرەوەی وەڵات داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەی کوردستان دەکەین بە زووترین کات ئەو بریارە هەڵبوەشێنێتەوە و لە جیاتی ئەوە مافەکانی منداڵان و شێوازەکانی تازەی خوێندن پەیادەبکات. دەمانەوێت بۆ وەزارەتی پەروەردە سەر ڕاست بکەین کە ئێمە لە دوای ماوەیەکی تر و ئەگەر بریارەکە لانەبرا، هەڵدەستین بە بڵاوکرادنەوەی بەیاننامە بە زمانەکان بیانی و پیوەندی بە هەموو رێکخراوە جیهانیەکان و وەزارەتەکانی پەروەردەی وڵاتەکانی ئەورپا دەکەین و دەقی بڕیاری پەسەندکراو لە لایەن وەزارتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تەسلێم بەوان دەکەین و داوایان لێدەکەین رۆڵی خۆیان بە کاربێنن. تەنیا شت وامان لێدەکات هەر لە ئێستاوە بەو کارە هەڵنەسین، پاراستنی ناو بانگی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە تکاتان لێدەکەین هەرچی زووە ئەو بریارە هەڵبوەشێنەوە و بە راگەیێنراوێکی ڕەسمی ئاگاداری گەلی کورد بکەنەوە.

لە جیاتی دەستەیەک لە مامۆستایان کورد لە دەرەوەی وڵات

akreyii@gmail.com

# وەک خۆی

فۆتۆ : جەبار